# پێشمەرگە



فایزە سالەحی

لەئیوارەیەکی بەهاری شاری ستۆکهۆڵم من و کچەکەم پێکەوە تاسەی ڕۆژانیکی دوور بردینیەوە، چاوەکانی پڕن لە پرسییار و تینوی زانینی ژیانی ڕۆژانی گەنجی منە کاتیک کە هاوتەمەنی ئیستای خۆی بووم!

من هیچ لە دنیای ئەمڕۆی ئەو نازانم و ئەویش، لەدەورانی گەنجی من تێناگات. کاتیک لاپەڕەێ ئەلبومەکە هەڵدەداتە وە و دایکی بەجل و بەرگی پیشمەرگەوە دەبینی لە شاخ و دەشتی کوردوستان، بە پەلە نیگاکانیم تی دەگرێ و دەڵێ:.

– دەزانی هاوتەمەنی منی دایە؟!! تۆ ١٧ ساڵ بوویت

من تەنها نیگاکانم گواستەوە سەر وینەکانی ناو ئەلبومەکە، خەریک بوو لەو ڕۆژانەدا قووڵ دەبوومەوە، کە کچەکەم پرسییاریکی کووتک ئاسای تێ گرتمەوە

– دایە بۆ ئەم شێوە ژیانەت هەڵبژارد؟

چەن پرسیاریکی سەخت و جەرگ برە!

" گەر بڵێم بۆ ئازادی! تۆ بڵێ ئەو چی لەو ئازادییە تێ بگات کە من ئەودەم، بەردەوام بەدوایدا وێڵ بووم"

"گەر بڵێم بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمان! تۆبڵی ئەو چ پێناسەیکی بۆ ئەو گەل و نیشتمانە هەبێ، کە من هەموو دەورانی گەنجیم لە پێناویدا دانا".

"گەر بڵێم بۆخەڵکی چەوساوە و هەژاری وڵاتەکەم! تۆ بڵێ ئەو چۆن و تاچەند بتوانیت ئەو چینە هەژار و چەوساوەیە بناسێ".

"گەر بڵێم بۆ باوەڕەکەم! تۆ بڵێ ئەو چی لەو باوەڕە تێ بگات، کە ئەمڕۆ باوەری هەموو کچانی هاوتەمەنی ئەو لە ئۆروپا لە پێناوی دڵداری، جوانی، مۆدیلو بابەتی خۆ ڕازاندنەوەیە."

تۆ بڵی چۆن من و کچەکەم بتوانین پیناسەیکی هاوبەشمان هەبێ بۆ باوەڕ!؟

من لە دووسێی ئەم قسانەدا بووم کە بە دەستەکانی یەکە یەکە لاپەڕەی ئەلبۆمەکەی هەڵدەدایەوە..و.......پرسی

– ئەوە کێیە و ئیستا لە کوییە؟!

– گـــۆڵم! ئـــەوە فـــلان کەســـە و لـــەپێناوی گواســـتنەوەی جەســـتەی هاورێکەیدا گیانی خۆی لەدەستدا.

– ئەی ئەمەیان کییە، و ئەی ئەوانە کێن؟

– ئەمـــەیان لـــە پێنـــاوی ڕێبازەکەیـــدا و ئەوەشـــیان لـــە پێنـــاوی بـــاوەڕ بەگـــەل و نیشـــتمانیکی ئـــازاد .....یـــەکیکـــیتـــر بـــۆ مـــافی ژنـــان و منـــداڵان و یەکیکی تر ....و یکیکی تر...یکیکی تر........ سەدانی تی

لە پڕ لە ئامیزی گرتم.

– دایـــە ئێـــوە چـــەن جەربـــەزە و کۆڵنـــەدەر و ئـــازابوون، مـــن شـــانازیت پێـــوە دەکـــەم، مـــن دەمـــەوێ باســـی تـــۆ نـــەک بـــۆ هـــەموو هاورێکـــانم، بـــەڵکو گەر بتوانم بۆ هەموو دنیا بگیڕمەوە.

مـــن ســـەرنجم گرتـــەوە ســـەر وێنـــەکانی نـــاو ئەلبوومەکـــە و بێـــدەنگی باڵی بەسەر هەردووکماندا کێشاو و فرمێسک لە چاوانمدا قتیس ما.

لەبەر خۆمەوە وتم: کچم ئێمە هەموو پێشمەرگە بووین .....

...پێشـــمەرگـــە!... چـــەنـــد وشـــەیکی ئەفســـووناوییە کەبـــەردەوام لـــە نـــاخی من و تۆ و هەموو ئەوانیتریشدا، بۆ هەتا هەتایە ئەزرنگێتەوە.